# سی پێنجی بیست وپێنج کی بەکێیە!!!! ... ئامانج عەبدوڵا سوور

چۆن لەهاوكێشە كیمیاییەكاندا لاسەنگی پەسەند نیە ئاواش رێساكانی ماتماتیك ئەورستەیەی سەرەوەی منی تیادا جی نابێتەوە لی كەووڵات شێواو سەردار سەری گەوەری بۆ دەمی برد ئەوا هەموو هاوكێشەورێساكان پێچەوانە دەوەستنەوە برایەكی رۆژهەڵات پێی ووتم ئێمە كەرووبەرووی دەسەڵات ئەبینەوە بەگەورەیی ئەو ریسا ناباوەی سەرەوەیان بۆ ئەنوسین!!. . .

جا شار كە بەقەدەر هێلانە كۆترێكی بۆ ژیان تیادا ماوەتەوەو پلانێك نیە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ دابینكردنی كەمترین مافی بژێویان كە نرخی بازاروكارەباو ئاو مۆڵەتی شۆفێریو تاسەی پری جادەكان وشێواوی باری كۆمەڵایەتی و نوزەی بی نوتقەی جەماوەریش لەلایەك ئیدی كەس بەكەس نابی و بەئەندازەی شاییەكەی بناویلە 33كەس گۆرانی ئەڵێت وتەنها یەك كەس هەڵئەپەری. . . ئێمە لەسەر پردی نادڵنیای وەستاوین وپاڵمان بەدیواری شڵۆقەوە ناوە بۆیە رۆژانە لەهەرەسی مەعریفی وسیسیۆلۆژی دا خۆمان ئەبینینەوە ئەمرۆ لە بزاف لەسەر مێزەكەم ناونیشانی بابەتێكیان بۆ دانبووم &لێی نوسرابوو (سلێمانی ئەوشارەی لە هاویندا بۆ قومێك ئاوتینووە ولەزستانا بەقەترەیەك باران لافاو ئەیبات) شار كەستارەیەكی نیە بۆ باران سایەیەكی نیە بۆ هەتاویش. . . شار لەشەوانا تاریكستان لەرۆژانیش دا وەك بەیتی شیعریی حەمدی لی هاتووە (من خەراباتم لەووشیاری پی خۆشترە) خەڵكی بەبی مەی بی هۆشە!!ئەوانەی بەدەرمانێك خۆشەن بەڵێنیان هەیە لەگەڵ دەرمانەكانیان دا ئەوانەی لەچاوەروانی باشتر بووندان مەستن بەهیوا قەت رەش بین نابن خۆشە بوون بە تەلەزگەكانی ژیان. . . سەلمان روشدی راستی ووتووە لە رۆمانی شەوانی منالان دا بارەش بین بین چونكە گەشبینی بەرەوكارەساتمان ئەبات. . . دەسەڵات بێشكەیەكی شەق وشری بەدەستەوەیە خەڵكی تیا رائەژەنی. . ئای لەم وولاتەیا عاقڵ زۆرە بەڵام هەڵوێست كەم. . ئەوە هەر دوێنی بوو لەهەولێر ژمارەیەك رۆشنبیریان خەڵات كرد هەندێكیان بەهەڵوێست بوون لەعۆجەوە بۆ دانوپە كەسیشمان لەحزوری ئەم خەڵاتەدا بەقەد عەلیە فەنی ئەكتەر هەڵوێستمان نەبوو لەم سیاقەیا ئەبێت بە مۆمێكی نیوەسوتاووە بەرۆژی نیوەرۆ بۆ پیاو بگەرێین ئەوكاتەی منیش ئەم بابەتە تایپ ئەكەم بۆ قومێك ئاوی پاك تینوم وقرەقری مۆلیدەش هەراسانی كردوم. . . لەكۆمەڵانی خەڵكی داوادەكەم پشتگیرمان بكەن ئێمە بەنزین رادەگرین لە قازانجی ئێوەیە!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

تیبینی/&ئەوەی ناوكەوانەكە برای نوسەرووەرگێر (كاك كامل ئەحمەد بەگ) لەسەر مێزەكەم بۆ جی هێشتم تابیكەمە ناونیشانی بابەتێكم. . .

سلێمانی
2005/11/9